نەتەنیاهۆ:ئێمە لە ڕۆگای سەرکەوتنداین و ئێم هەنگاوەشمان زیاتر دەخایەنێت

بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، لە میانی کۆبونەوەی کابینەی حکومەتی وڵاتەکەیدا لە عەسقلان ڕایگەیاند، "ئێمە لە ڕۆگای سەرکەوتنداین و ئێم هەنگاوەشمان زیاتر دەخایەنێت، بەڵام چەند ساڵێکی پێناچێت، بە پێچەوانەی ئەوەی باسدەکرێت".

بنیامین نەتەنیاهۆ لە وتارێکدا رایگەیاند، "سەرکەوتنمان لە دەستدایە، شەڕێکی قورسە، بەڵام شەڕێکە کە تێیدا سەردەکەوین".

وتیشی، "ئێمە لە ڕاستیدا دەمانەوێت لە کەرتی غەززە داماڵینی سەربازی بەدی بهێنین و ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ئێمە کۆنترۆڵی ئەمنی و بەرپرسیارێتی باڵای ئەمنیمان هەبێت بەسەر تەواوی ناوچەی ڕۆژئاوای ئوردن (هەمو خاکی کەرتی ڕۆژئاوا) بە کەرتی غەززەشەوە".

سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل جەختیکردەوە کە لە داهاتویەکی نزیکدا هیچ بەدیلێك بۆ داماڵینی چەك لە ئارادا نییە و وتی، "ئێمە ئەمە بە کەمەڵگەی نوودەوەتی و سەرکی ئەمریکا و

هەمو سەرکردەکان دەڵێن، هیچ بەدیلێك بە ئەوە نییە".

بنیامین نەتەنیاهۆ ڕایگەیاند، "ئامانج لە داماینی چەك هیچی کەمتر نییە لەو سەرکەوتنەی باسی دەکەین و لە دەستماندایە".

لە میانی دیدارەکەدا سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل باسی لە زیادبونی فشارەکانی سەر وڵاتەکەی کرد لە ژێر ڕۆشنایی بەردەوامیی شەڕەکەدا و ڕایگەیاند، "ئەمە پێویستی بە ڕوبەڕوبونەوەی فشارە زیادبوەکان هەیە".

بنیامین نەتەنیا هۆ باسی لەوەشکرد، دەبێت ڕاستیەکانتان پێ بڵێم، "فشارەکان زیاتر دەبن و هەریەکێکتان کە مامەڵە لەگەڵ لایەنە بیانییەکان دەکەن دەتوانن باسی ئەوەمان بۆ بکەن، هەریەکەتان بە شێوازی خۆتان".